# هێزە شیعەکان و کورد: پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکان، گەمارۆدان و لێدان لە پێگەی هەرێم

**نەوزاد هێتوتی،** دکتۆرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسی کورد-زانکۆی لێستەر- پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی/ زانکۆی سەڵاحەددین

□□□□-□-□□

**پێشەکی: هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت و داواکارییەکانی کورد**

دوای ئەوەی هاوپەیمانیی سێقۆڵیی نێوان پارتی، هاوپەیمانیی سیادەی سوننەکان بە سەرۆکایەتیی حەلبووسی و تەیاری سەدری، شکستی هێنا و نەیانتوانی حکوومەتی زۆرینە دروست بکەن، لە گۆڕانێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراودا، لە 26ی ئەیلوولی 2022، پارتی و هاوپەیمانیی سیادەی سوننەکان، هاوپەیمانێتییەکی نوێیان لەگەڵ لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی ڕاگەیاند، کە بە "هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت" ناسراوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لایەنە شیعەکان وەرەقەی سپییان خستە بەردەم کورد بۆ ئەوەی حکوومەت پێك بهێنن. دوای ڕازیکردنی کورد و دروستبوونی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، لە ئۆکتۆبەری 2022 حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتیی سوودانی پێك هات. هەرێم توانیی زۆربەی داواکارییەکانی لە ڕێککەوتنی هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەتیدا جێگیر بکات و دواتریش لە بەرنامەی وەزاریی حکوومەتی سوودانیشدا جێگیر کرابوون، لەوانە:

- لە ماوەی 6 مانگدا لە دوای پێکهێنانی حکوومەت، یاسای نەوت و گاز لە پەرلەمان دەربکرێت بە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد و پشتبەستن بە دەستوور.
- پشتبەستن بە یاسای بوودجەی 2021 بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەورەها لە داڕشتنەوەی یاسای 2023؛ بە شێویەك مافی هەرێم پارێزراو بێت و، نابێت بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ کورد یاسای بوودجەی 2023 پەسەند بکرێت.
- ڕێککەوتنی شنگال بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناچەکە بخرێتە بواری پراکتیکییەوە.
- ئیدانەکردنی هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر هەر ناوچەیەکی عێراق و ئیدانەکردنی هەر لایەنێك کە هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان.
- پێویستە بەندی 140ی دەستوور، تایبەت بە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان کارا بکرێت و قەرەبووی زیانلێکەوتووەکان بکرێت.
- کار بکرێت بۆ دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی.
- ڕێگەدان و کارئاسانیکردن بۆ ئەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان بارەگایان لە کەرکووك و ناوچەکادانی دیکەدا هەبێت.

**پاڵنەرەکانی ڕازیبوونی چوارچێوەی هەماهەنگی بە داواکارییەکانی کورد**

بێ گومان زۆر هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی ئەو ڕێککەوتنانە واژۆ بکەن و، ئامادە بن لە هەمبەر کورد و سوننە نەرمی بنوێنن؛ تەنانەت ئامادە بن وەرەقەی سپی بخەنە بەردەم کورد بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەك بێت حکوومەت پێك بهێنن. گرنگترین هۆکارەکان ئەمانە بوون:

- سوودوەرگرتن لەو ڕێککەوتنە بۆ بەهێزکردنی پێگەکەیان لە حکوومەتی داهاتوودا. دیارە لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی پێیان وا بوو کە دەرفەتێکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دروستکردنی حکوومەت، پێگەکەیان لەناو حکوومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا زیاتر بەهێز بکەن؛ بەتایبەت دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری 2021 تووشی شکستێکی گەورە هاتن و هەڕەشەی گەورەیان لەسەر بووە لەوەی لە پرۆسەی سیاسی دوور بخرێنەوە.
- کشانەوەی سەدر لە پەرلەمان دەرفەتێکی زێڕینی داوەتە لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دروستکردنی حکوومەتەوە کار بۆ لاوازکردنی پێگەی نەیارەکانیان بکەن. دیار بوو کە شەقامی عێراقی و شیعە لە هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ناڕازین و پێگەی جەماوەرییان زۆر لاواز ببوو. ئەوان هەستیان بەوە دەکرد کە ئەگەر حکوومەتی داهاتوو سەر بەوان نەبێت، ئەگەری زۆرە تووشی شکستێکی گەورە ببن. کەواتە ئەوان مەبەستیان بوو بە هەر نرخێك بێت ـ ئەگەر بە سازشکردنیش بێت بۆ کورد و سوننە ـ دووبارە جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەست و لە ڕێگەی دروستکردنی حکوومەت، گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە عێراقدا دروست بکەن؛ بەتایبەت کە عێراق داهاتێکی زۆری لەبەردەست بووە و نرخی نەوت زۆر بەرز بووە و لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی مەبەستیان بووە سەروەت و سامان و دەسەڵاتی دەوڵەت بەکار بهێنن بۆ کڕینی دەنگی خەڵك، گوشاردروستکردن و زیاتر کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت و گۆڕینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.
- دروستکردنی هاوپەیمانیی سێقۆڵی لە نێوان سەدر، پارتی و سوننەکان زەنگی مەترسیدار بووە بۆ لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی. ئەوان ترسێکی گەورەیان لێ نیشتبوو کە ئەگەر لەگەڵ پارتی و سوننەکان ڕێککەوتن نەکەن، نەك هەر دەرفەتی دروستکردنی حکوومەت لەدەست دەدەن، بەڵکوو لەوانەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا پێگەیان زیاتر دابەزێت و لە دەسەڵات دوور بخرێنەوە. بەتایبەت لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی بە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ یەکێتی و هاوپەیمانیی عەزم، نەیاندەتوانی ڕێژەی یاسایی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار، دواتریش پێکهێنانی حکوومەت، تەواو بکەن. بۆیە بەناچاریش بێت پێویستیان بە پارتی و هاوپەیمانیی سیادە هەبووە.
- دابەشبوونی ناوماڵی شیعە، یەکێکی تر بوو لە هۆکارەکانی سازشکردن بۆ کورد و سوننەکان. لە دوای 2003، ئەمە یەکەم جار بووە شیعەکان بەو شێوەیە دابەشبوون لە نێوانیاندا ڕوو دەدات. تەنانەت هەموو هەوڵەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانی شکستی هێنا، لەوەی بتوانن ناوماڵی شیعە ڕێك بخەن. بۆیە بۆ ڕێگرتن لە بەهێزبوون هەژمووونی سەدر و لاوازکردنی، پەنایان بردۆتە بەر سازشکردنە بۆ کورد و سوننە.
- لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕاهاتوون لەسەر بەڵێندان بە کورد و دواتر پاشگەزبوونەوەیان لەو ڕێککەوتنانەی کە کراون. زۆربەی ئەو حکوومەتانەی لە ماوەی پێشوودا دروست بوون، سەر بە چوارچێوەی هەماهەنگی بوون و لەسەروبەندی دروستکردنی حکوومەت لەسەرەتادا زۆر

نەرم بوونە و بە زۆربەی داواکارییەکانی کورد ڕازی بوونە؛ بەڵام دوای پێکهێنانی حکوومەت، لە هەموو ڕێککەوتنەکان پاشگەز بوونەتەوە. بۆیە لە کاتی پێکهێنانی حکوومەتی سوودانییشدا زۆر ئاسایی بوو ئەوان هەمان تەکتیك و سیاسەت پراکتیزە بکەن.

### پاشگەزبوونەوە لە بەڵێن و ڕێککەوتنەکان

هەرچەندە لە پێکهێنانی حکوومەتی سوودانی، لایەنەکان، بەتایبەتیش کورد و سوننەکان تا ڕاددەیەك گەشبین بوون بەوەی حکوومەتی نوێ پابەندی ڕێککەوتنەکان دەبێت و خواست و داواکارییەکانیان ـ کە ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە ـ جێبەجێ دەکرێن، بەڵام لە دوای پێکهێنانی حکوومەتی سوودانی لە ئۆکتۆبەری 2022دا لە ڕووی پراکتیکییەوە هیچ هەنگاوێکی گرنگ بە ئاراستەی پراکتیزەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت نەهاوێژراوە. ئەوەی تاکوو ئێستا دیارە، ئەو ڕێککەوتنە تەنیا لە خزمەتی لایەنە شیعەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و ئێراندا بووە؛ کورد و سوننەکان شتێکی ئەوتۆیان لەو ڕێککەوتنەکە دەست نەکەوتووە.

بڕیار بوو دوای دروستکردنی حکوومەتی سوودانی لە ماوەی 6 مانگدا یاسای نەوت و گاز بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێم پەسەند بکرێت، بەڵام ئەمە نزیکەی 11 مانگ دەرباز بوون، هیچ هەنگاوێك نەهاوێژراوە بۆ ئەوەی بەهابەشی یاسای نەوت و گاز لە پەرلەمان دەربکەن.  تەنانەت ڕەشنووسێکیان ئامادە کردووە، کە هەرێم و نوێنەرەکانی ئاگایان لە زۆربەی خاڵەکانی ئەو ڕەشنووسە نییە و، ئەگەر پەسەند بکرێت زیانی گەورە بەر هەرێم دەکەوێت. تەنانەت مەترسیی ئەوە هەیە ڕەشنووسەکە بەبێ ڕەزامەندیی کورد و بە زۆرینە لە پەرلەمان پەسەند بکەن. هەروەها، لە یەکەم تاقیکردنەوەدا شیعەکان پشتیان لە ڕێککەوتنەکانیان کرد، بەتایبەت سەبارەت بە پەسەندکردنی بوودجە و، هەوڵیان دا لە پێگەی هەرێم بدەن و بوودجەیەکی 3 ساڵییان پەسەند کرد، کە وێڕای ئەوەی زۆر لوغمی تەوقیتکراوی دژی هەرێم تێدایە، زۆربەی بەندەکانیش بە عەقڵییەتێکی ناوەندگەرایی نووسراون.

ئەمە بەدەر لەوەی تاکوو ئێستا زۆربەی بڕگەکانی پەیوەست بە هەرێم جێبەجێ نەکراون و ئامادە نەبوونە شایستە داراییەکانی هەرێم بنێرن. بەغدا لە جیاتی ئەوەی شایستە داراییەکانی هەرێم ڕەوانە بکات، لە 9ی ئەیلوولی 2023 گوتەبێژی حکوومەتی سوودانی باسی ئەوەی کرد، کە هەرێم 3 ملیار دۆلار قەرزداری بەغدایە و، دەبێت ئەو پارەیە بداتەوە عێراق. بە هەمان ئاراستەیش، لە [پرێس کونفرانسێك لە 11 ئەیلولدا سوودانی] باسی ئەوەی کرد ناتوانین لە دەرەوەی یاسای بوودجە پارە بدەینە هەرێم و، لە بوودجەدا هیچ شتێك نییە بە ناوی "مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم". هەروەها باسی ئەوەی کرد کە  ئێمە هەموو پابەندبوونێکمان سەبارەت بە شایستە داراییەکانی هەرێم جێبەجێ کردوون و ئەگەر هەرێم ڕازی بێت، ئامادەین قەرزیان پێ بدەین. وەك ئاماژەمان پێ کرد هەموو ئەم لێدوانانە لە کاتێکدایە کە بەغدا شایستە داراییەکانی هەرێمی نەناردووە و زیاتر لە دوو مانگە فەرمانبەرانی هەرێم مووچەیان وەرنەگرتووە.

لە لایەکی تریشەوە، سەبارەت بەندی 140، ڕێککەوتننامەی شنگال و دەرکردنی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی، نەك هەر هیچ هەنگاوێك نەنراوە، بەڵکوو ڕێك بەپێچەوانەی ڕێککەوتنەکان، هەنگاو دەنێن. لە کەرکووك هەموو ڕۆژێك سوپای عێراق دەچێتە سەر ماڵە کوردەکان و هەوڵی داگیرکردنی زەوییەکانیان دەدات. لەوەیش خراپتر، لە کاتێکدا لە ڕێککەوتنەکاندا جەخت لەسەر ئەو خاڵە کرابوو، دەبێت ڕێگە بدرێت

بارەگاکانی هێزە کوردییەکان لە کەرکووك و هەموو ناوچەکانی دیکەی عێراق بکرێنەوە، بەڵام گرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران ڕێگەیان نەداوە پارتی، بارەگاکانی لە کەرکووك بکاتەوە و لە ڕێگەی دادگای دەستووریشەوە کێشەیان بۆ گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووك دروست کردووە.

تەنانەت دوای خۆپیشاندانی کوردانی کەرکوك لە 3ی ئەیلوولی 2023 دژی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی بەغدا و و ڕێگەنەدان بۆ کردنەوەی بارەگاکانی پارتی لە کەرکووك، هێزە عێراقییەکان و گرووپە میلیشیاکان، بە هێز ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و ژمارەیەك هاووڵاتیی کورد شەهید و بریندار بوون و کەرکووکیش کراوەتە سەربازگە. لە شنگال بارودۆخەکە زۆر خراپترە. لە نوێترین هەنگاودا بەرپرسانی حەشدی شەعبی دەستیان کردووە بە دروستکردنی لیوایەکی تری چەکداری سەر بە میلیشیا شیعەکان لە ناوچەکەدا و بۆ ئەم مەبەستە ڕەزامەندیی حکوومەتی سوودانییان وەرگرتووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی ڕێککەوتنی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، دەبوایە هەموو میلیشیا چەکدارەکان لە شنگال دەرکرابان. بە هەمان ئاراستەیش، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانیان ڕاگرتووە و، بە پاساو و بیانووی جیاوازەوە مەبەستیانە گرفت بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دروست بکەن.

### بۆچی لایەنە شیعەکان ڕێککەوتنەکان جێبەجێ ناکەن؟

لە ڕاستیدا زۆر جاران ئەو پرسیارە دەکرێت: بۆچی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی تا دێت گوشارەکانیان لەسەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەکەن و، ئامادە نین ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکەن و بەتایبەتیش بۆچی ئامادە نین لەم قۆناغەدا بەپێی بڕگەکانی یاسای بوودجە، شایستە داراییەکانی هەرێم ڕەوانە بکەن و، مووچەی فەرمانبەران بدەن یان خود یاسای نەوت و گاز بە تەوافوق لە پەرلەمان دەربکەن یان ڕەوشی کەرکووك و ناوچە دابڕاوکان ئاسایی بکەنەوە؟ بێ گومان ئەگەر بەوردی لە هاوکێشەکان ورد ببینەوە، دەکرێت ئاماژە بە زۆر خاڵ بکەین کە بە بنەمای سەرەکیی سیاسەتی لایەنە شیعەکان دادەنرێت بەرامبەر هەرێم و پارتی، بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا:

- دیارە وەك زۆر جاران ئاماژەمان پێ کردووە، هەر لە بنەڕەتەوە بەغدا و دەسەڵاتدارانی شیعە باوەڕیان بە سیستەمی فیدراڵی و بەندەکانی دەستوور نییە و، هەموو هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەیە کە هەموو دەسەڵاتەکان لە بەغدا کۆ بکەنەوە و هەرێمیش ببێتە پاشکۆیان و وەك پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. ئەم سیاسەتە دەمێکە دەستی پێکردووە و ئەوەندەی پێیان دەکرێت درێخی ناکەن لە لێدان لە پێگە و مافە دەستوورییەکانی هەرێم.
- بەغدا لەگەڵ ئەوە نییە هەرێم لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە سەقامگیر بێت. بۆیە مەبەستیەتی هەلومەرجێکی وا دروست بکات کە نەك هەر هەرێم لە ڕووی ئابوورییەوە گەشە نەکات، بەڵکوو ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە ببێتەوە؛ بە شێوەیەك نەتوانێت خۆی لەسەر پێی خۆی بگرێت و خۆی بەتەواوەتی ڕادەستی بەغدا بکات.
- کارکردن بۆ ئەوەی شەقامی کوردی لە دژی حکوومەتی هەرێم و بەتایبەتیش پارتی هان بدرێت. بەتایبەت لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و ئێران زۆر مەبەستیانە لە ڕێگەی لاوازکردنی پارتی، کار بکەن بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکانی لە کوردستان باڵادەست بن، بەتایبەت یەکێتی و هێزەکانی تری نزیك لە ئێران. کەواتە ئەوان پێیان وایە نەدانی مووچە دەبێتە فاکەرێك بۆ لاوازکردنی پێگەی پارتی، چونکە پارتی بەرپرسی یەکەمە لە هەرێم.

- دیارە لە 18ی دیسەمبەری 2023 وادەی هەڵبژاردنەکانی پاریزگاکانە لە عێراقدا. لەم ڕووەوە، لە چەند ڕوویەکەوە چوارچێوەی هەماهەنگی دەیانەوێت گوشارخستنە سەر هەرێم وەك بانگەشەیەك بۆ بەهێزکردنی پێگەکەیان بەکار بهێنن. لە لایەك، بە گوشارخستنە سەر کورد و پشتگوێخستنی ڕێککەوتنەکان، مەبەستیانە هیچ بیانوویێك بۆ ڕکارەبەکانی لە شەقامی شیعە نەهێڵن کە دژیان بەکار بێنن یان تاوانبار بکرێن؛ بەوەی گوایە سازش بۆ کوردەکان دەکەن. هەروەها مەبەستیانە لە ڕێگەی ئەو سیاسەتەوە زیاتر دەنگدەری عێراقی، بەتایبەت شیعەکان بە لای خۆیاند ڕابکێشن. لە لایەکی تریشەوە، پێیان وایە ئەم سیاسەتە دەتوانێت لە کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان و تەنانەت لە کوردستانیش پێگەی پارتی لاواز بکات.
- خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە لە 25ی شوباتی 2024 لە کوردستان هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت. یەکێکی تر لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە لایەنە شیعەکان مەبەستیان ئەوە بێت تاکوو لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان زۆرترین گوشار لەسەر هەرێم دروست بکەن، بۆ ئەوەی لە لایەك هەرێم ناسەقامگیر بێت، شەقام تووڕە بێت و خەڵك حکوومەت و پارتییش سزا بدەن. ئەمەیش لایەنە شیعەکان وای لێکی دەدەنەوە کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی هاوپەیمانەکانی لە کوردستان.
- ئەو سیاسەتەی بەغدا بەرامبەر هەرێم پراکتیزەی دەکات، ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە ئاراستە دەکرێت و تەنیا پەیوەندیی بە پرسی بوودجە و مووچەوە نییە. وەکوو ئاماژەمان پێ دا، زۆربەی ئەو خاڵانەی ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە، یان پێشێل کراون یان جێبەجێ نەکراون. بێ گومان لەم گەمەی بەغدادا، ئێران ئەکتەرێکی سەرەکییە. ئێران لە ڕێگەی ئەو گوشارەوە مەبەستیەتی هەرێم ناچار بکات دژی هێزە کوردییەکانی ئێران بوەستێتەوە یان چەکیان بکات، وەك ئەوەی ئێران باسی دەکات. ئەگەر هەرێم ئەو هەنگاوە نەهاوێژێت، لەوانەیە ئێران ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدات یان بەو بیانووە هێزی عێراق و میلیشیا شیعەکان بهێنێتە سنووری نێوان هەرێم و ئێران. لە لایەکی تریشەوە ئێران بەو گوشارانە مەبەستیەتی هەرێم ناچار بکات لە عێراق و ناوچەکەدا بە گوێرەی سیاسەت و ئەجێنداکانی ئێران سیاسەت و ڕەفتار بکات.
- هەروەها دەبێت هەرێم، حسابی ورد بۆ ئەوە بکات لەوانەیە لەم قۆناغەدا بەغدا بە زۆرینە یاسای نەوت و گازیش تێ پەڕێنێ؛ ئەمەیش بۆ ئەوەی چەند ئامانجێك بپێکێت: لە لایەك، دوورخستنەوەی هەرێم وەك ئەکتەرێکی کاریگەر لە ڕووی هەناردەکردنی نەوت ــ چاوەڕێ دەکرێت لە ڕووی گازیشەوە لە چەند ساڵی ئاییندەدا ڕۆڵی کاریگەر ببینێت ــ لەسەر ئاستی دەرەکی و لێدان لە پێگەکەی. بە هەمان ئاراستەیش بۆ ئەوەی کەرتی وزە لە هەرێم تووشی شکست بکات؛ بە شێوەیەك چیتر کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێم کار نەکەن. واتە گومانی ئەوە هەیە کە بەغدا لە بەرنامەیدا بێت کە گوشار دروست بکات بۆ ئەوەی کۆمپانیا نەوتییەکان هەرێمی کوردستان جێ بێڵن؛ هەروەها دەرهێنانی مەلەفی نەوت و گاز لەدەست هەرێم. بڕیاری دادگەی فیدراڵی و دواتریش دادگەی پاریس، هەنگاوێك بووە بەو ئاراستەیەدا.

**هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەر هەرێم و بێدەنگیی ئەمریکا**

لە مانگی ئاداری 2023 ڕێککەوتنێکی ئەمنی لە نێوان عێراق و ئێران واژۆ کراوە سەبارەت حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات. هەرچەندە تەواوی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام یەکێك لە خاڵە

گرنگەکان بریتییە لە چەکداماڵینی هێزە کوردییەکان کە لە هەرێم نیشتەجێن و، ڕۆژی 19ی ئەیلوولی 2023 دوا دەرفەت دانراوە بۆ هەرێم و بەغدا بۆ چەکداماڵینی هێزە کوردییەکان. لەم ڕووەوە، لە مانگی ئابی 2023 محەمەد حوسێن باقری، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە ئەگەر هێزە کوردییەکان چەك نەکرێن توندترین هەڵوێستیان دەبێت. لە ڕاستیدا ئەوەی ئێران دەیکات، لەبەر ئەوە نییە کە هێزە کوردییەکان هەڕەشەی جددین لەسەر ئاسایشی ئێران- لەبەر ئەوەی ئەو هێزانە دەمێکە وازیان لە خەباتی چەکداری هێناوە و  پابەند بوونە بە داواکارییەکانی هەرێم بە هێرشنەکردنە سەر هیزەکانی ئێران- بەڵام، ئەم داواکارییەی ئێران لەم کاتەدا، دەکرێت لە چەند ڕوانگەیەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت: **یەکەم**، بێ گومان بەدەر لەوەی لەوانەیە ئێران وەك جارانی پێشوو بە مووشەك و درۆن هێرش بکاتە سەر حزبە کوردییەکان لەناو خاکی هەرێم، بەڵام لەوەیش مەترسیدارتر ئەوەیە کە لەوانەیە ئێران مەبەستی بێت لاسایی تورکیا بکاتەوە و سنوورەکانی هەرێم ببەزێنێت و هێزەکانی بهێنێتە ناو قووڵاییی خاکی کوردستان. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، دیارە ئێران مەبەست و ئامانجی خۆی هەیە؛ دەیەوێت لەژێر پەردەی ئەمەوە، شەڕی هێزە کوردییەکان بکات.

**دووەم**، سیناریۆیەکی تر ئەوەیە، لەوانەیە ئێران مەبەستی بێت ئەو ڕێککەوتنە بکاتە کارتێکی گوشار لەسەر هەرێم بۆ ئەوەی ناچاری بکات ڕازی بێت بەوەی هێزە عێراقییەکان و بەتایبەتیش هێزەکانی سەر بە حەشد لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێم و ئێران جێگیر بکات. بێ گومان دەکرێت ئەمەیش لە لایەك بۆ ئەوە بێت تاکوو زیاتر بتوانن گەمارۆی هەرێم بدەن. لە لایەکی تریشەوە، بۆ ئەوەی زیاتر دەستێوەردان لە کاروباری هەرێمدا بکەن. بە هەمان ئاراستەیش، دەکرێت ئەمە وەك کارتێکی گوشار دژی هەرێم بەکارت بهێنن بۆ ئەوەی زیاتر بچێتە ژێر داواکارییەکانی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا. بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ  بافڵ تاڵەبانی سەردانی ئێرانی کردووە؛ بێ گومان یەکێك لە تەوەرە هەرە گرنگەکان پرسی چەککردنی هێزە کوردییەکانە. بۆیە دوور نییە بەو بیانووە  ئێران زۆنی سەوز پڕ بکات لە هێزی حەشد و هێزە عێراقییەکان.

لە بەرامبەر ئەم گوشارانەی بەغدا و ئێراندا، هیشتا دیار نییە هەڵوێستی ئەمریکا چییە و چی دەبێت. لە 11ی ئەیلوولی 2023 باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، ئەلینا ڕۆمانۆسکی، سەردانی هەرێمی کرد و لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم کۆ بووەوە. لە سەردانەکەیدا  لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم باسی کێشەکانی هەرێم و بەغدا و شایستە داراییەکانی هەرێم کراوە. لە دیدارەکەدا مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەت، باسی هەوڵەکانی بەشێك لە هێزە شیعەکان کردووە بۆ ئەوەی لە پێگەی هەرێم بدەن و لە دەرەوەی یاسای بوودجە مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بکەن. ئەم دیدارە لە کاتێکدایە کەسایتی ئەلمونیتور بڵاوی کردۆتەوە کە لە 5ی ئەیلوولی 2023 مەسروور بارزانی نامەیەکی تایبەتی بۆ "جۆ بایدن" ناردووە و داوای لە ئەمریکا کردووە گوشار بخاتە سەر بەغدا بۆ ئەوەی ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێم بگرێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی هەرێم هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکایە و، ئێستایشی لەگەڵدا بێت هەرێم بۆ ئەمریکا گرنگە، بەتایبەت لە عێراقدا، بەڵام وەك پێویست پاڵپشتیی هەرێمی نەکردووە. دیارە ئەمریکا گلەیی زۆری لە هەرێم هەیە؛ بەتایبەتیش نەبوونی سیاسەتێکی هاوبەش و یەکگرتوو لە نێوان هێزە کوردییەکاندا، بووەتە مایەی نیگەرانیی ئەمریکا. بەتایبەت ئەمریکا زۆر هانی کورد دەدات کە دەبێت لەسەر ئاستی بەغدا یەکگرتوو بن. هەروەها لاوازیی دامەزراوەکانی هەرێم و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا، دیسان دۆستەکانی کوردی نیگەران کردووە و زیانی زۆری بۆ پێگەی هەرێم هەبووە.

لە لایەکی تریشەوە، سەرەڕای گوشارەکانی ئەمریکا، بەڵام هەرێم سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا هێزێکی پێشمەرگەی سەرتاسەری و یەکگرتوو و دوور لە کاریگەریی حزب دروست بکات. لەم ڕووەوە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە 13ی ئەیلوولی 2023 لە لێدوانێکدا باسی ئەوەی کرد، ئەمریکا نیگەرانە لەوەی وەك پێویست هەرێم، بەتایبەتیش پارتی و یەکێتی، هەنگاویان نەهاوێشتووە بۆ یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە. بە هەمان ئاراستەیش لە ڕووی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە، هەرێم وەك پێویست هەنگاوەی نەهاوێشتووە. بێ گومان هەموو ئەمانەیش، دەکرێت بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەریی هەبێت لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر هەرێم. **وەك یەکێك لە بەرپرسەکانی ئەمریکا لە ئیدارەی بایدن سەبارەت گلەییی کورد باسی ئەوە دەکات کە، پێش ئەوەی کوردەکان گلەیی لە ئێمە بکەن یان داوای یارمەتیی لە ئێمە بکەن، دەبێت لە خۆیان بپرسن و بەتایبەت ئەو ناکۆکییانەی کە پارتی و یەکێتی هەیانە، بووەتە هۆکاری سەرەکیی لاوازبوونی پێگەی کورد.**